## بۆ گشت کۆمپانیاکانی پێداویستی پزیشکی و تاقیگەیی

### ئاگاداری

بۆ زیاتر خزمەت کردنی هاوولاتیان و پێشکەش کردنی خزمەت گوزاری پزیشکی زیاتر بۆ نەخۆشان، فەرمانگەی گشتی تەندروستی هەولێر/ راوێژکاری ئێواران هەلدەستێت بە کردنەوەی دوو تاقیگە لە هەر یەك لە بنکەی تەندروستی تەیراوە لە شەقامی پزیشکان / راوێژکاری ئێواران و نەخۆشخانەی فریاکەوتنی رۆژئاوا لە شەقامی ١٠٠ مەتری/ راوێژکاری ئێواران.

بۆیە هەر کۆمپانیایەك نیازی بەشداری کردنی هەیەلە پێشبرکێی دابین کردنی ئامێری پشکنینی تاقیگەیی بۆ ئەم شوێنانەی ناو وناو نیشانیان هاتووە لە سەرەوە دەتوانێت پێشکەش کارییەکەی پێشکەش بکات بە لیژنەی کرینی راوێژکاری ئێواران لە فەرمانگەی تەندروستی هەولێر.

**مەرجەکانی پێشکەش کردن :**

١/دەبێت کۆمپانیا تۆمارکراوبێت لە حکوومەت و بابەند بێت بە هەموو مەرجەکان.

٢/دوای کردنەوەی پێشکەش کارییەکان لەلایەن لیژنەی کرین ئەوا کۆمپانیا باپەند دەبێت بە دابین کردنی ئامێرەکان لە ماوەی ٢١ رۆژی هەفتە (نەوەك ٢١ رۆژی دەوام ) بە پێچەوانەوە کۆمپانیا پێ بژاردنی بۆ دەکرێت بە بری ( ٢٥٠ ٠٠٠ ) دووسەد پەنجا هەزار دیناری عیراقی بۆ هەر رۆژێك دواکەوتن.

٣/کۆمپانیا پابەند دەبێت بە دابین کردنی پشکنینەکان بۆ ماوەی یەك ساڵ ( دوای دابین کردنی ئامێرەی پشکنین بە خۆرایی هەروەك لە ئاگادارییەکەدەست نیشان کراوە ) بۆ شوێنە ناوبراوەکان بە نرخی پێشبرکێ ( بسعر تنافسي ) کە دەست نیشان دەکرێت لە کاتی کردنەوەی پێشکەش کارییەکان ( واتە لە کاتی کردنەوەی پێشکەش کارییەکە نرخەکە جێگیر دەکرێت تاکو یەك ساڵ )

٤/دوای تێپەربوونی ساڵەکە ئەوا بڕیار لە دەستی فەرمانگەی تەندروستی هەولێر / ڕاوێژکاری نیواران دەبێت کە ئایا گرێبەستەکە دووبارە دەکاتەوە یاخود کۆتایی پێ دەهێنن یاخود هەر بڕیارێك کە فەرمانگەی تەندروستی هەولێر /ڕاوێژکاری نیواران بەباشی دەزانێت.

٥/دەبێت کۆمپانیا هەموو بەراییەکانی ( أولیات ) هەبێت تایبەت بە ئامێرە کان ( ڕێگە پێدان ، وولاتی بەرهەمهێن ...... هتد ) .

٦/ ئەو بابەتانەی کەکۆمپانیا دابینی دەکات تایبەت بە پشکنین ( موادی پشکنینی تاقیگەیی ) دەبێت لە پشکنین دەربچێت دوای کرینی هەروەك ئێستاکە پەیڕەو دەکرێت لە کۆگا لەلایەن لیژنەی پشکنینەوە ( ئەوا جگە لە دەرچوون لە کوالیتی کۆنترۆل ).

٧/دابین کردنی بابەتەکان لەسەر داواکاری شوێنی پەیوەندار ( کۆگای نیواران ) دەبێت کە بڕ و جۆری پشکنینەکە دەست نیشان دەکات لە سەر داواکاری شوێنی بەکارهێنەر کە چەندیان پێویستە ( ئەوا ئەو دوو شوێنە بڕە کە و جۆرەکە دەست نیشان دەکەن جا بە شێوەی مانگانە بێت یاخود بە شێوەی پێویستی (حاجة) بۆ شوێنی بەکارهێنەری بابەتەکان هەروەك پەیڕەو کراوە لەحالی حازر).

٨/دوایی تەواو بوونی ماوەی ساڵەکە ( ١٢ مانگ لەکاتی دەست کردن بە ئیش کردن لە تاقیگەکان ) کۆمپانیا پابەند دەبێت بە وەرگرتنەوەی ئەو موادانەی کە ماونەتەوە بە هەمان نرخ کە کراون و گەڕاندنەوەی پارەکە بۆ ئەو حیسابەی کە پارەکەی لێ وەرگیراوە ( ڕاوێژکاری نیواران ).

٩/كۆمپانیا پابەند دەبێ بە دابین کردنی ئامێر بۆ شوێنە دەست نیشان کراوەکان بە شێوەی یەکسانی و دواتر دابین کردنی موادەکان بە پێ ی پێویستی وەك لە خالی ( ٧ ) ئاماژە پێکراوە.

١٠/ پێشبرکییەکە ( منافسة ) لە سەر بنەمای کوالیتی ئامێرەکان و نرخی بابەتەکان ( سعر المواد ) و پابەندی کۆمپانیا دەبێت ( بۆ نموونە لیژنە بۆی هەیە کۆمپانییەك لە پێشبرکێیەکە دەربهێنێت ئەگەر ئەو کۆمپانیایە پێشووتر پابەند نەبووبێت بە دابین کردنی بابەتەکان یاخود لەدابین کردنی بابەتەکان لەکاتی خۆی پابەند نەبووبێت واتە دەبێت کۆمپانیاکە هیچ تێبینییەکی لەسەر نەبووبێت و هیچ گیرو گرفتێکی نەبووبێت پێشووترهەروەها ئەگەر کەمکوری هەبێت لە بەراییەکان ) لەم سێ بارەدا لیژنە بۆی هەیە کۆمپانیاکە دووربخاتەوە.

١١/ کۆمپانیا دەبێت پێشکەش کارییەکەی لە سەر فۆرمی هاووپێچ پربکاتەوە و هەر تێبینییەکی هەبێت لەسەر ئەو فۆرمە بنووسرێت بە پێچەوانەوە پێشکەشکارییەکەی پشت گوێ دەخرێت و تێبینیەکانی بە هەند وەرناگێردرێت.

١٢/هەرئامێرێك لە ئامێرەکان (biochemistry , hematology...etc ) دەبێت لە زەرفێك بێت داخراو بێت بە تێپی شفاف ،لە رووی دەرەوەی زەرفەکە نووسرابێت ئەوە پێشکەشکارییە کام ئامێرە و کام برگەیە و هەروەها نرخی پشکنینەکان ( ئەو ئامێرە چەند جۆرە پشکنینی پێدەکرێت و ناوی پشکنینەکان و نرخی هەر پشکنینێك بچووکترین یەکە و هەر Kitی چەند پشکنینی تیادایە ) بە شێوەی هاووپێچ لە ناو زەرفەکە دادەندرێت بە مەبەستی پێشبرکێیەکە (منافسة ) بۆ زانیاری نرخ بە دیناری عیراقی دەنووسرێت و ژمارە ٢ و ٣ بە روونی دەنووسرێن هەروەها نوسینی نرخەکان جگە لە ژمارە بە نووسینیش دەبێت بنووسرێت ( رقماً و کتابةً ).

١٣/صيانه كردن و هەموو خزمەتگوزارییەكانی دیكەی ئامێرەكان لەسەر ئەو كۆمپانیانیە دەبێت كە گرێبەستی لەگەل دەكرێت.

١٣ / هەر یەكە لە Cleaner solution و Control solution و maintain set for 1 year دەبێت كۆمپانیا بەخۆرایی دابینی بكات بۆ ئامێرەكانی خۆی.

١٤/ كۆمپانیا دەبێت لاپ تۆپ و ئامێری چاپ كردن ( طابعة ) دابین بكات بۆ مەبەستی چاپ كردنی ئەنجامی پشكنینەكان و دانەوەی بە هاوولاتیان و نەخۆشان.

١٥/ئەو ئامێرانەی لە ئاگادارییەكە كە بە شێوەی كرینە، دەبێ لایەنی دابینكەر گرەنتی (٢) دوو سال بدەن بۆ ئامێرەكە و هەروەها گەیاندن و دامەزراندنی (نصب الجهاز) ئامێرەكە ئامێرەكان لە ئەستۆی كۆمپانیا دەبێ ( نصب و تشغیل وضمان لمدة سنتين من تاريخ نصب الجهاز).

١٦/ ئەو ئامێرانەی لە ئاگادارییەكە كە بە شێوەی خۆراییە، دەبێ لایەنی دابینكەر گرەنتی (١) یەك سال بدەن بۆ ئامێرەكە و هەروەها گەیاندن و دامەزراندنی (نصب الجهاز) ئامێرەكە لە ئەستۆی كۆمپانیا دەبێ ( نصب و تشغیل وضمان لمدة سنة واحدة من تاريخ نصب الجهاز).

## شێوەی رووی دەرەوەی زەرفەکە

( زەرفی A4 باشتر وایە زەرفەکە رەنگی خاکی بێت )

ناوی کۆمپانیا ..................

ئامێری .........................

جۆری دابین کردنەکە　　بەخۆرایی ☐　　بە پارە ☐

برگەی ( تسلسل ) ..................لە ئاگادارییەکە

ناو و ژمارەی مۆبایلی کەسی بریار بە دەست لەکۆمپانیا.................

چوارچێوە رەنگ کراوەکە بە رەنگی رەش لەم هێکارییەی سەرەوە واتە شوێنی تێپی شفاف و کە لە بن تێپەکە مۆری کۆمپانیای لەسەرە

(زەرفی پێشکەش کردنەکە بەم جۆرە دەبێت لە رووی دەرەوە )

# نموونە بۆ چۆنیەتی پرکردنەوەی پێشکەشکارییەکان

ناوی کۆمپانیای پێشکەشکار ..ناوی تەواوی کۆمپانیا هەروەك لە حکوومەت تۆمار کراوە..... ناونیشان..ناونیشانی تەواوی کۆمپانیا.. بەرواری پێشکەش کردن رۆژ / مانگ / سال

ناوی بەرپرسی لە کۆمپانیا ..ناوی کەسی پەیوەندار و خاوەن بریار لە کۆمپانیا.... ژمارەی پەیوەندی کردن (٢ ژمارە) .ژمارەی نیش پێ کراو نەوەك داخراو / ژمارەی نیش پێ کراو نەوەك داخراو.

مۆر و ئیمزای کۆمپانیا (زیندوو) ...ئیمزای کەسی پەیوەندار لە کۆمپانیا ( بریار بە دەست ) لە گەل مۆری کۆمپانیا...

| بابەتی داواکراو | بر | نرخی یەك بر/دیناری عراقی | بری داواکراو | کۆی گشتی/دیناری عیراقی | ولاتی بەرهەمهێن | تێبینی کۆمپانیا |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ؟؟؟؟؟؟؟؟ | 1 | 7 000 000 دینار | 3 | 21 000 000 دینار | USA | |
| &&&&& | 1 | Free / بەخۆرایی | 2 | Free / بەخۆرایی | Europe | |
| +++++ | 1 | 1 500 000 دینار | 2 | 3 000 000 دینار | Japan | |

- یەکەم جار نرخی یەك ئامێر بنووسرێت دواتر ئەو نرخە جاران (X) ژمارەی برە داواکارییەکە بکرێت وەك لە سەرەوە روون کراوەتەوە.

ناوی کۆمپانیای پێشکەشکار ............................................ ناونیشان ............................................ بەرواری پێشکەش کردن ..............................

ناوی بەرپرسی لە کۆمپانیا ............................................ ژمارەی پەیوەندی کردن ( ٢ ژمارە ) ............................................ / ............................................

مۆر و ئیمزای کۆمپانیا ( زیندوو ) ............................................

| ژ | بابەتی داواکراو | بر | نرخی یەك بر/ديناری عراقی | بری داواکراو | کۆی گشتی/ديناری عیراقی | وولاتی بەرهەمهێن | تێبینی کۆمپانیا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | Full automated immune assay analyzer<br>50 to 100 tests<br>30 samples/hr.<br>Origin : USA, Europe, Japan | 2 | Free / بەخۆرایی | 2 | Free / بەخۆرایی | | |
| 2 | Full automated biochemistry analyzer<br>150 to 250 tests<br>30 samples/hr.<br>Origin : USA, Europe, Japan | 2 | Free / بەخۆرایی | 2 | Free / بەخۆرایی | | |

| ژ | بابەتی داواکراو | بر | نرخی یەك بر/دیناری عراقی | بری داواکراو | کۆی کشتی/دیناری عیراقی | وولاتی بەرهەمهێن | تێبینی کۆمپانیا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 3 | Full automated hematology analyzer<br>3-part WBC differential<br>60 samples/hr.<br>Origin : USA, Europe, Japan | 2 | بەخۆرایی / Free | 2 | بەخۆرایی / Free | | |
| 4 | Centrifuge 16 tubes<br>Small sample volumes<br>High speed<br>Origin : USA, Europe, Japan | 1 | | 2 | | | |
| 5 | Microscope<br>10X wide field 30 degree inclined eyepieces with 18 mm exit pupil distance and a pointer in one eye piece.<br>360 degree rotating binocular head for extended viewing comfort.<br>Coaxial fine and coarse focusing with slip clutch to prevent damage to slide or optics .<br>Origin : USA, Europe, Japan | 1 | | 1 | | | |

| ژ | بابەتی داواکراو | بڕ | نرخی یەك بڕ/دیناری عراقی | بڕی داواکراو | کۆی گشتی/ دیناری عیراقی | وولاتی بەرهەمهێن | تێبینی کۆمپانیا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 6 | Incubatore 50 L<br>High-end functions for the protection of cell cultures,, bacterial cultures or tissue cultures.<br>Origin : USA, Europe, Japan | 1 | | 2 | | | |
| 7 | Full automated electrolyte analyzer<br>Blood gas and electrolyte system Ph , Na, K, Cl, Ca reliability. Simplicity.<br>Origin : USA, Europe, Japan | 2 | Free / بەخۆرایی | 2 | Free / بەخۆرایی | | |
| 8 | Shaker roller<br>Origin : USA, Europe, Japan | 1 | | 1 | | | |
| 9 | Refrigerator (2-8° C)<br>2 door<br>Capacity: 523 litter<br>Origin : USA, Europe, Japan | 1 | | 2 | | | |

| ژ | بابەتی داواکراو | بر | نرخی یەك بر/دیناری عراقی | بری داواکراو | کۆی گشتی/دیناری عیراقی | ولاتی بەرهەمهێن | تێبینی کۆمپانیا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 10 | Distilled water 4 L<br>Origin : USA, Europe, Japan | 1 | | 2 | | | |
| 11 | **ESR**<br>30 measuring channels<br>Auto test function<br>LCD display<br>Bar code reader<br>Thermal printer<br>Origin : USA, Europe, Japan | 1 | | 1 | | | |

| ژ | بابەتی داواکراو | بر | نرخی یەك بر/دیناری عراقی | بری داواکراو | کۆی گشتی/دیناری عیراقی | وولاتی بەرهەمهێن | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 12 | **Oven 55 L**<br>Set temperature range in °C min. 5° C above ambient up to +250°C<br>Door fully insulated stainless steel door with 2-point locking ( compression door lock)<br>Internals 1 stainless grid<br>Origin : USA, Europe, Japan | 1 | | 1 | | | |

## تێبینی/

١/ هەموو لاپەرەیەك لە فۆرمی سەرەوە دەبێت کۆمپانیا مۆری خۆی لێدابێت لە لای سەرەوەی دەستە چەپ لەگەڵ ئیمزای زیندوو (ژمارەی لاپەرەکانی موادی داواکراو بریتییە لە 5 لاپەرە).

٢/ هەرکەم وکورییەك هەبێت لە پڕ کردنەوەی زانیاری داواکراو لە فۆرمی سەرەوە ئەوا پێشکەش کارییەکە پشت گوێ دەخرێت.

٣/ وەرگرتنی فۆرمی پێشکەشکراو لە لایەن کۆمپانیاکانەوە تەنها لەرێگەی بەرێز (نیاز رۆزان پیرداود/ ژمارەی مۆبایل ( ٠٧٥٠٤٩٩٢٩٢٨ ) ئەویش بە شێوەی استلام و تسلیم و ئیمزا کردنی هەردوو لا ( ناو براو و نوێنەری کۆمپانیا ) لە سەر دەفتەری دانراو لە لایەن لیژنەوە بۆ ئەم مەبەستە بە پێچەوانەوە کۆمپانیا خۆی بەرپرسە لە هەر ئەگەرێکی نەخوازراو و ونبونی پێشکەشکارییەکە.

٤/ فۆرمی پێشکەشکارییەکە دەبێت لە ناو زەرفی (A4) بێت و مۆر و ئیمزای زیندووی لە سەری بێت وهەر چوار لای زەرفەکە بە تێپی شفاف قەپات کراوبێت و لەسەر زەرفەکە نووسراو بێت کە چ پێشکەشکارییەکە ئایا ئامێرە یاخود فلیمی تیشکە یان موادی تاقیگەیی یە یاخود پێداویستی پزیشکییە .........هتد.

٥/ هەرمادەیەکی داواکراو رێگە پێدان و پشکنینی کوالیتی کۆنترۆلی نەبێت پشتگوێ دەخرێت و وەرناگیردرێت.

٦/ دەبێت موادی پێشکەشکراو لە لایەن کۆمپانیا بە رەنگ ( Highlight ) بکرێت.

٧/ پڕ کردنەوەی بابەتی داواکراو لە سەر هەمان فۆرم دەبیت ئەوەك وصلی کۆمپانیا وە نرخەکان بە دیناری عیراقی دەبێت بنووسرێت بە شێوەیەکی روون و دیار بە تایبەت (ژمارە ٢ و ٣) بەروونی بنووسرێت.